## حەسەن زادە ئێستاش راگری حیزبی دێموکراتە ... داشا مەجیدی

کۆنگرەی سێزدە و ئەنجامەکەی زۆری لێ باسکرا و هەموو لێی ئاگادارن. پێویست بە درێژدادڕی ناکات. ئەوەی سەرنجی بنیادەم رادەکێشێ ئەوەیە کە ئەوانەی ئێستاکانێ لەسەر کورسی دەستەڵات دانیشتوون، لە حاڵێکیدا کە سوود هەلومەرجێکی خۆش و ئاسان دەبەن و دەیانەوێ خەلك بەو کارانە هەڵفریوێنن، لەپاڵ خەبات و بەناوی دڵسۆزیەوە خەریکی لەمەیدان وەدەرنانی بەدەیان و سەدان تێکۆشەری شارەزا و خاوەن رابردووی حیزبی دێموکراتن و بەو کارەیان زەبری وا لە حیزب و بزوتنەوە دەدەن کە دوژمنیش لێی نەدابێ و زەبری وا کە کارەکانی ئەورۆ لە بەرانبەریاندا هیچ نەبن.
بەڵام کودەتای سەرکەوتووی وان لە سایەی بەرنامەیەکی روون بۆ وەپێشخستنی خەباتی حیزبەوە نەبوو، بەڵکوو نەتیجەی دنیایەك فرت و فێڵ و یاربگیری بێ پایە و 'عوامفریبی' و لە سایەی کەلکی خراپوەرگرتن لە هەستی بەرپرسایەتی و گەورەیی کەسێك بوە کە ئێستا لە رێبەری حیزبی دێموکراتدا نەماوە. بەڵام ئێستاش کە ئێستایە هەموو کوردستان بە بیستنی ناوی حیزبی دێموکرات وێنەی ئەوی دێتە پێش چاو، ئەو کەسەش جەنابی مامۆستا عبدالله حسن زادەیە.

ئەو کەسانەی خەمی وەزعی بێسابقە شڕی حیزبی دێموکراتیانە و ئاگایان لە بێنەوبەرەی دوو ساڵی پاشی کۆنگرەی سێزدە هەیە، ئاگادارن کە حیزبی دێموکرات بە هۆی ئەو کێشانەوە چەندین جار تا سەرهەدی جودابوونەوە چوو. بەڵام هەموو جارێ لە سایەی هەڵوێستی مامۆستا حسنزادەوە پێش لەو کارە گیرا و ئێستاش مامۆستا دەفەرمێ کە نابێ قەت رێگە بدەین ئەوانەی خەونی ناخۆش بە حیزبی دێموکراتەوە دەبینن بە ئامانجیان بگەن. هەتاکوونێ ئێستاش ئەو خەباتگێرە بێهاوتایەی نێو تێکۆشەرە کوردە ئێرانیەکانی مەیدانی ئەورۆی خەبات هەر هەوڵ دەدا کە کێشەکانی ئێستای حیزب بە قیمەتی شکانی پرەستیژی حیزبی دێموکرات تەواو نەبن و کارێك نەکرێ کە ئیعتباری هەموو حیزب لە نێو بچێ. سەرەرای ئەو هەموو کارە نارەوایەی هۆلیگارشی زاڵ بەسەر حیزبدا دەیکا، مامۆستا هەروا وەك سەرکردەیەکی ماندوونەناس ئەرکی حیزبیانەی خۆی درێژە پێداوە.

بەڵگەیەکی نوێ بۆ گەورەیی مامۆستا و بێئەمەگی و نیازخراپی هەیئەی فتوا مەسەلەی بەیانیەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی شەست ساڵ تێپەربوون بەسەر دروستبوونی کۆماری کوردستان (مەهاباده) . بەیانیەکە لەبەر لێکدانەوەیەکی ئازایانە کە لەوێدا حیزبی دێموکرات رەخنە لە خۆی دەگرێ و هەر ئەو قسانەی تێدابوو کە شەهید کاك دکتۆر قاسملووی رەحمەتی لە کتێبی چل ساڵ خەباتدا نوسیبووی، بوو بە هۆی هێندێك رەخنە لە لایەن هێندێك کەسەوە بە تایبەت وتارێکی زۆر توندی حەسەن ئەیوبزادە ناسراو بە گۆران کە لە ژێر ناوی دیفاع لە شانازیەکانی کۆماری کوردستان و کوردایەتیدا، کارنامەی شەست ساڵ خەبات و فیداکاری حیزبی دێموکراتی کربۆوە هیچ و ئەوەی ناهەقی بوو بە حیزبی دێموکراتی گوتبوو.

ماوەیەك پاشی بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە نارەوایە خۆم و هێندێك لە دۆستان زۆر بۆمان پرسیار بوو کە بۆچی حیزب هیچ جوابێکی نەداوەتەوە، چونکە وتارەکەی حەسەن ئەیوبزادە خەڵکێکی زۆری نارەحەت کردبوو و تەسیری خراپیشی بۆ ناو و ئیعتباری حیزب هەبوو. حەتتا بە چەند لە بەرپرسانی حیزبیشمان گوت کە کارێك بکەن کە حیزب وڵامێك بداتەوە. هیچ باس نەبوو هەتا لەو رۆژانەدا چاومان بە وڵامی جوان و بەپێزی مامۆستا حسنزادە لە سەر سایت کەوت. زۆرمان پێ سەیر بوو کە ئایا بۆ دەبێ حیزب بۆخۆی بەرەسمی وڵامێکی وای نەدابێتەوە یان نەخێر هەر نەبا حیزب بۆخۆی بڵاوی کردباوە، نەك هێندێك لایەنی دیکە.

دوای لێکۆڵینەوە و بنج و بناوان دیتنەوەی ئەو مەسەلە دەرکەوت کە هەیئەی فتوا حازر نەبوە وتاری مامۆستا لە رۆژنامەی کوردستاندا چاپ بکات! دیارە ئەوەڵی زۆرمان باوەڕ بەو قسەیە نەکرد، بەڵام هەموو سەرچاوەی باوەڕپێکراوەکان قسەکەیان پشتراست کردەوە. جا لێرەدایە کە ئاهی خەفەتی کارەساتی حیزبی دێموکرات جەرگی پیاوی دەبڕێ. حەسەنزادەیەکی کە پەنجا ساڵ ئەندام، چل ساڵ ئەندامی رێبەری، دوو دەورە جێگری شەهید کاك دکتۆر قاسملوو، دەساڵیش لە سەختترین شەرایتدا وەك سکرتێر حیزبی پاراستوە و رایگرتوە و تەواوی ژیانی لەسەر ئەو حیزبە داناوە، ئێستاش هەموو ئەو کارە نارەوایانە لەوێ راوەستێ، ئەو هەر حازرە بەیانیەی کۆمیتەی ناوەندیتان بۆ بنووسێ، هەر ئەویشە دێ دیفاع لە ئیعتباری حیزب دەکات و شك و ترسی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان دەرەوێنێتەوە و بوختانەکانی نەیاران بەرپەرچ دەداتەوە، چۆن دەبێ مافی ئەوەی نەبێ لە رۆژنامەی حیزبەکەی خۆیدا دیفاع لە حیزبەکەی خۆی بکات؟!!!

تێگەیشتنی من و مەمانان هەر ئەوەیە کە هەیئەی فتوا هەموو کارێك دەکەن بۆ تەحریك و تەحقیری کەسانی ناخۆدی و ناچارکردنیان بۆ دانیشتن، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ سەرکردەیەکی سەروەری وەك حەسەن زادەی مەزنیش بەرەوروو بن. ئەو پیلانە پەستە کە هەر لە دوژمن جوانە، لە هەموو بەشەکان و لە هەموو کارەکانی دەسەڵاتی هەیئەی فتواشدا خۆی دەنوێنێ. زۆر زۆر بەداخەوە. بەڵام دڵنیامە کە تا سەر ئاوا نابێ و هەیئەی فتوا ناتوانن بە هێندێك شتی کاتی فکری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب مەشغول کەن بۆ ئەوەی چاو لەوە بپۆشن کە باشترین رۆڵەکانی حیزب و گەل لە هیچ و خۆرایی بەربینگیان پێ دەگیرێ و بە هەر شێوەیەك کە بووە لە مەیدان دەردەکرێن. رۆژێك دێ دەرکەوێ کە چ دەستێك لە پشت ئەو پیلانەیە و میللەت دەڵێ بەسە، ئیدی ئەوە خیانەتە!